مەندەلاوی داوای تەمارکردنی سکاڵای نەودەوڵەتی لەسەر ئیسرائیل دەکات

موحسین مەندەلاوی، جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرکێنەی توندی بە هەرشەکانی ئیسرائیل بە سەر ئێران لە ڕۆژی هەینیدا دەربڕی و هەشداریدا لە "مەترسی ئەم پێشێلکارییە ئاشکرایەی ڕێککەوتننامە و یاسا نێودەوڵەتییەکان بە سەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە".

موحسین مەندەلاوی لەپەیامێکدا داوای لە "کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد کە بەپەلە هەنگاو بنێن بە سنوردارکردنی ئیسرائیل و هەنگاوەکانی، کە ئامانجی گەدانەوەی شەڕە لە ناوچەکەدا"، جەختیکردەوە کە بەردەوامی بدەنگی لە بەرامبەر تاوانەکانی داگیرکاری و پێشێلکارییە ترسناکەکان لەم کاتە گرینگ و هەستیارەدا لێکەوتەی ترسناك و حەتمی بە ئاشتی نێودەوڵەتی دەبێت".

جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق داوایکرد "سکاڵایەکی نێودەوڵەتی عێراقی لەسەر ئەو قەواره ئیسرائیلییە تەمار بکرێت بەهۆی پێشێلکردنی ئاسمانی وڵاتەکە و بەکارهێنانی بە هەرشکردنە سەر دراوسێکانی عێراق کە ئەمەش پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەری نیشتمانییە".